

# نیتێندۆی نوێ کەوتە بازاڕ

کۆنسۆلی یاری نیتندۆ جۆری DS XL2 کەوتە بازاڕ، ئەم مۆدێلە نوێیە توانای سێ لایی 3D نییە و بە نرخێکی کەمتر لە جۆری DS3 دەفرۆشرێت.

تایبەتمەندی ئەم مۆدێلە هەر ئەو جیاوازییەی کە هەیە سێ لایی نییە ئەگینا هەموو تایبەتمەندییەکانی جۆری پێش خۆی هەیە.. هەر وەك بەڕێوەبەری کۆمپانیای بەرهەم رادەگەیەنێت هۆکاری بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە کۆنسۆلە بۆ ئەوەیە ئەوانەی حەز لە سێ رەهەندی ناکەن ئەم جۆرەیان بەکار بێنن.



# ئامێرەکان بێ وایەر شەحن بکەوە

(شارژ) واتە شەحنکردنەوەی ئامێرەکان لەلایەن کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای نوێ گرنگی زۆری پێدراوە، بۆیە پاوەربانك، ئامیری شەحنکردنەوە بە خۆر، بە وزەی دیکە لەلایەن زۆر کۆمپانیا و بە زۆر شێوازەوە بەرهەم هێنراون..

کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای نوێ لە فەرەنسە ئامێرێکی شەحنکردنەوەی بەرهەم هێناوە کە بە (Energysquare) ناسراوە واتە چوارگۆشەی وزە.

ئامێرەکە لە پێنج لەزگەی زۆر تەنك و شاشەیەکی شەحنکردنەوە پێکهاتووە. هەرکام لەو لەزگە ئەلکترۆنیانە بە شوێنی دانانی کێبڵی شەحنکردنەوە دەلکێندرێ، ئەوکاتە هەر ئەوەندە بەسە کە ئامێرەکە لەسەر ئەو شەحنکردنەوە دابندرێ.

بەهۆی ئەو ئامێرەوە بە ئاسانی دەکرێت ٣ هەتا ٤ مۆبایل لەسەر ئەو شاشەیە دابندرێ و شەحن بکرێنەوە. کۆمپانیای بەرهەمهێن رایگەیاندووە لە ڤێرژنی داهاتوودا گۆڕانکارییەکی جیدی لەو شەحنکەرەوەدا دەکرێت بە جۆرێك بتوانرێ گشتگیر بکرێ.



# دوو گیان لەیەک جەستەدا


ئایفۆن و ئەندرۆید ئەگەرچی دوو سیستەمی لێکجیاوازن، بەڵام زۆربەی ئەو پرۆگرامانەی بۆ مۆبایلەکانی سیستەمی ئەندروید بەرهەم دێن، هەمان پرۆگرامیش بۆ سیستەمی ios واتە ئایفۆن بەرهەم دێن، جار هەیە بەکارهێنەر پێویستی بە هەردوو سیستەمەکەیە واتە پێویستی بە هەردوو مۆبایلە لە کاتێکی وادا بکرێت؟

کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی ئامێری دیجیتالی رێگاچارەی بۆ ئەمە دۆزیوەتەوە و کەڤەری جۆری Eye واتە چاوی بەرهەم هێناوە، ئەم کەڤەرە پشتی مۆبایلی ئایفۆن دەکات بە مۆبایلێکی ئەندرۆیدی.



مۆبایلە ئەندرۆیدەکەی پشتەوە شاشەکەی ٥ ئیجە، فول ئێچ دییە، رامەکەی ٣ گیگابایتە و میمۆری ناوخۆی ١٥ گیگابایتە و میمۆری کارتیش دەخوێنێتەوە. دوو سیم کارتی دەچێتە سەر، سیستەمی ئەندرۆیدی ٧ە.

کەڤەرەکە بە جۆرێك بەرهەمهاتووە ئەگەر مۆبایلەکەتان لە دەست بەربێتەوە هیچی لێنایەت، خاڵی جێگای سەرنجی ئەوەیە مۆبایلە ئەندرۆیدیەکە بە بێ وایەر شەحن دەبێتەوە بەڵام ئایفۆنەکە وا نییە.



# یەکەم گەشتی ئۆتۆمبیلی فڕۆک سەرکەوتوو بوو

هیچ شتێك خەیاڵ نییە، ئەوەی بیری لێدەکرێتەوە درەنگ یا زوو دێتە دی، چەندساڵێکە باس لە ئۆتۆمبیلی فڕۆکە دەکرێ، ئۆتۆمبیلێك لە بری بەسەر شەقامەکاندا بڕوات لە سەرووی هەورەکانەوە دەخولێتەوە. لەمەولا کۆتایی بە کێشەی قەرەباڵغی ناو جادەکان دێت.. رۆژێك دادێت هەر سەربەرز بکەیەوە ئۆتۆمبیل دەبینی بە ئاسماندا دەفڕێت..

کۆمپانیای ئەڵمانی «Lilium Aviation» بەسەرکەوتووی فڕۆکەی جۆری Lilium Jetی تاقیکردەوە. ئۆتۆمبیلە فڕۆکەکە لە ١٢ باڵی جوڵەدار و ٣٦ مۆتۆری جێتی بە جیا پێکهاتووە.. ئەو مۆتۆرانە لەسەر باڵەکانی دانراون. هەرچەندە لەو تاقیکارییەدا هیچ کەسێك سوار نەببوو، لە رێگای دوورەوە کۆنترۆڵ دەکرا، بەڵام لە داهاتوویەکی نزیکدا شۆفیر لێدەخورێت و گەشتیاران دەگوازێتەوە. فڕۆکەکە ئەلکترۆنییە و وزەیەکی کەمی دەوێت بە خێرایی ٣٠٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا دەڕوات و بە هەر شەحنکردنەوەیەکیش نزیکەی ٥٠٠ کیلۆمەتر دەڕوات.. ئەو ئۆتۆمبیلە فڕۆکە تێچووی گواستنەوەکانی لە تاکسی ناو شار کەمترە زۆریش کەمتر و کاتیش کەمتر..

# ئامێرێک بۆ وێنەگرتن بە شێوەی پرۆفیشنالی



لەکاتی وێنەگرتندا تەنیا کامێرای بەرز یان شارەزایی زۆر نابێتە هۆی ئەوەی کە وێنەکەت جوان بێت، بەڵکو نەلەرزینی کامێرا، یان رووناکی پێویست بۆ وێنەکەش رۆڵی گرنگ دەبینن. ئامێرگەلێکی تایبەت هەن کە هەم بۆ رووناکی و هەم بۆ راگرتنی کامێرا یان مۆبایل لەکاتی وێنەگرتندا. یەکێك لە ئامێرانە minirigە.

ئامێرەکە فلاشێکی بەهێزی هەیە جگە لەوەش دەکرێت بە دەنگ فەرمانی پێبکەی بۆ وێنەگرتن.

بەکارهێنەر ئەوەندە بەسە کە کامێرا یان مۆبایلەکەیان لەسەر ئامێرەکە دابنێن و پاشان بەهۆی دەسکێك کامێراکە بسوڕێنن. ئەم دەسکە بۆ کاتی فیلم هەڵگرتنەوە بۆ ئەوەی فیلمێکی بێ جوڵە تۆمار بکرێ زۆر گرنگە.

لەبری ئەوەی پارسەنگێك بۆ راگرتنی هاوسەنگی دابندرێ، باترییەك دانراوە کە هەم وزە دەبەخشێت و هەم هاوسەنگی رادەگرێت، جگە لە فلاش، مایکێکی بەهێزی تێدایە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت، چونکە مایکی مۆبایلەکان بۆ فیلم هەڵگرتنەوە زۆر بەهێز نین، ریمۆتێکی تایبەتی لەگەڵە کە بکرێت لە رێگای ریمۆتەوە کۆنترۆڵی کامێرا بکەی.

# ئێکسسوارات لە جوانییەوە بۆ دیجیتالی



چەند ساڵێك لەمەوبەر كەس بە خەیاڵیشدا نەدەهات بازنەیەكی جوان، گوارەیەكی سەرنج راكێش یان ئەنگوستیلەیەكی كریستال جگە لە جوانی ئەركی دیكەش ئەنجام بدات.. لە سەردەمی دیجیتالیدا ئەو ئێكسسواراتانەش بەرەو دیجیتالی رۆیشتوون.

كۆمپانیای Ringly كە بەرهەم هێنی ملوانكە و بازن و ئەنگوستیلەی كریستالی هۆشمەندە، لەم ماوەیەدا نوێترین بەرهەمەكانی خۆی خستەڕوو. ئەو ئامێرانە سەرەڕای جوانی دەتوانن چالاكی رۆژانە و جوڵەی وەرزیشش بخاتە چاوەدێری، بۆ نموونە هەنگاوەكان بژمێرێ، مەودای رۆیشتوو بپێوێ و وەزەی سووتێندراو لێكبداتەوە. ئەو ئێكسسوارە دیجیتالیانە پشتیوانی زیاتر لە سەد ئەپلكەیشن دەكەن، بەكارهێنەر بەویستی خۆی دەتوانێ دایبنێ كە پەیامەكان لە كام ئاپەوە بۆی بێن.



## پرۆگرامێک هەم رەگەزت دەگۆڕێ و هەم تەمەن



پرۆگرامێكی زۆر بەرهەم هاتوون كە تایبەتن بە گۆڕینی روخسار و شێوە، یان نیشاندانی روخسارەكان لە تەمەن و كاتی جیاوازدا بۆ نموونە منداڵ دەكاتە پیر و پێچەوانەش.. بەڵام زۆربەی ئەو پرۆگرامانە زیاتر گاڵتەجارین و كەسایەتییەكان لە دوو تەمەنەكاندا جیاوازیان هەیە.. پرۆگرامی face app جیاوازە لەو پرۆگرامانە. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەكرێت بە پیری و بەگەنجی و بە ژن و پیاو خۆت ببینی.

خاڵی جێگای سەرنجی پرۆگرامەكە ئەوەیە كە رەگەز دەگۆڕێت و بە جۆرێك كچێك دەكاتە كوڕ و پێچەوانەش.. هۆشی دەستكردی پرۆگرامەكە بەجۆرێكە كە ئەگەر وێنەی پیاوێكی بدرێتێ و خاوەنی ریش بێت دەستكاری ناكات و هەروەك خۆی دەهێڵێتەوە..

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**خوێنەرێكی بەڕێز دەپرسێت مۆبایلەكەم بە هەزاران وێنەی تێدایە، زۆر لەو وێنانەی كە تێیدان كۆپی و دووبارەن ئایا رێگایەك یان پرۆگرامێك هەیە بۆ ئەوەی كە وێنە دووبارەكان بسڕێتەوە؟**

بەڵێ خوێنەری بەڕێز ئەگەر وێنەكانت كۆپی بن یان دووبارە بن ناكرێ بەدەست یەكە یەكە بیان سڕیەوە چونكە جار هەیە لەكاتی سڕینەوەدا كێشەت بۆ دروست دەبێت و بە هەڵە وێنەی دیكە دەسڕیەوە، بۆ چارەسەری ئەم كێشەیە پێویستە پرۆگرامی Duplicate Photos Fixer لەسەر مۆبایلەكەت دابنێی، پرۆگرامەكە ئۆتۆماتیكی هەر وێنەیەكی دووپاتە بێت دەیسڕێتەوە..




# کاتژمێرێک مۆبایلەکەت شەحن دەکاتەوە

یەکێك لەو گرفتانەی کە بەکارهێنەرانی مۆبایل زۆر جار لەگەڵی بەرەو روو دەبن تەواو بوونی باتری مۆبایلە.. هەرچەندە پاوەربانکەکان تارادیەك ئەو گرفتەیان لە کۆڵ کردۆتەوە بەڵام جار هەیە ئەو پاوەربانکانەش لەبەردەستدا نین.

کاتژمێری جۆری (Uvolt) ئاسانترین ڕێگا چارەیە بۆ ئەمە، کاتژمێرەکە لە یەکەم سەرنجدا کە سەیری دەکەی هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ کاتژمێری دەستی ئاسایی. بەڵام ئەوەی جیاواز دەکاتەوە لەگەڵ کاتژمێرەکانی دیکە ئەوەیە پاوەربانکێکی بچووکی لەگەڵدایە و لەکاتی پێویستدا دەتوانرێ مۆبایل و ئامێرەکانی دیکەی پێ شەحن بکرێت.

کاتژمێرەکە لەراستیدا دەبێتە ئامێرێکی شەحنکەرەوەی خۆر و دەتوانرێت تیشکی خۆر بکاتە وزەی پێویست. ئەگەر ئەو کاتژمێرە لەبەر هەتاو دابندرێ، باترییەکەی لە ماوەیەی رۆژێکدا بەتەواوی شەحن دەبێتەوە.

بۆ شەحنکردنەوەی مۆبایل ئەوەندە پێویستە لە کاتژمێرەکە باترییەکە بێننە دەر و بە هۆی کابڵێکی تایبەتەوە مۆبایلەکەی پێ شەحن بکەینەوە.

# وەرگێڕی هاوڕێ بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان




جیاوازی زمانەکان، یەکێکە لە بەربەستە گەورەکانی پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤەکان، تا ئێستا پرۆگرام و ماڵپەڕ و خزمەتگوزاری گرنگ بۆ وەرگێڕانی زمانەکان لەبەردەستدان، نەك پرۆگرام بەڵکو ئامێری تایبەتی وەرگێڕانیش هەیە، بەڵام ئامێری (Travis) یەکەمین وەرگێڕی بچووکە کە دەتوانێ دەستبەجێ زمانی بەرامبەرەکەت وەربگێڕێ، تەنانەت دەستبەجێ لەکاتی پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا زمانی بەرامبەر وەردەگێڕێ، زیاتر لە ٨٠ زمانی جیهان بەشێوەی ئۆنلاین و ٢٣ زمانیش بە شێوەی ئۆفلاین وەردەگێڕێ.



# سایتێک بۆ ئەوکاتەی مۆبایلەکەت دەدزرێت

مۆبایلە هۆشمەندەکان ئێستا هەموو شتێکی بەکارهێنەرکانن، هەڵگری نهێنیترین زانیارییەکانی بەکارهێنەرن، وێنەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.. کارتە بانکییەکان.. هەربۆیە ئەگەر مۆبایلەکەت بدزرێ یان ون ببێت ئەوکات کێشەی گەورە دروست دەبێت.. زۆر سایت و پرۆگرامی هەن بۆ ئەوکاتەی مۆبایل دەدزرێت.. یەکێك لەو سایتانەی سایتی Androidlost.com کە تایبەتە بە سیستەمی ئەندرۆید.. کاتێك مۆبایلەکەت دزرا یان و بوو ئەگەر ئەکاونتێکت لەم سایتەدا ئیدی زۆر ئاسانکاریت بۆ دەکات بۆ دۆزینەوەی...